# شاخەوان عەبدوڵا لەبارەی کێشەی دورینەوەی بەرهەمی جوتیارانی کورد پێیامێکی بڵاوکردەوە

شاخەوان عەبدوڵا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، فەرماندەی ئێپەراسیونەکانی کەرکوك نوسراوی فەرمیان بەدەستگەیشتوە و لەئەمڕۆوە کێشەی جوتیارانی کورد چارەسەر دەکرێت و ڕێگەیان پێدەدرێت بەرهەمەکانیان بدورنەوە.

شاخەوان عەبدوڵا لەپەیامێکدا بڵاویکردەوە، "دوای ڕێگرییەکانی ئەم دوایەی سوپا لە جوتیارانی کورد بە دورینەوەی بەرهەمەکانیان لە ئەنجامی سکاڵای عەرەبی هاوردە، لەگەڵ سەرۆك وەزیران و فەرماندەی ئێپەراسیونەکان لەبەغدا قسەمان کرد و لەڕێژی چوارشەممەوە فەرمان بە ئێپەراسیونەکانی کەرکوك کرا ڕێگرییەکان هەڵگرن و جوتیاران دورینەوەی بەرهەماکانیان دەستپێبکەن.

ئەوەشیخستەڕو، بەهەر هەکارێك بێت ئەو نوسراوە نەگەیشتبوە کەرکوك و ئەمڕۆ جارێکی دیکە لەڕێگای بەغداوە نوسراوەکەمان گەیاندە کەرکوك و فەرماندەی ئێپەراسیونەکانی کەرکوك نوسراوەکەیان وەرگرت و لە ئەمڕۆوە دەست بەهەڵگرتنی خەمەکان دەکەن و جوتیارەکان دەست بەدورینەوەی بەرهەمەکانیان دەکەن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بە ئاگاداری هەمولایەك رژی پنجشەممەی رابردو پرژە یاسای هەوەشاندنەوەی بیارەکانی بەعس لەپەرلەمان خوندنەوەی یەکەمی بە کرا، لەیەکەم دانیشتنی داهاتوی پەرلەمان خوندنەوەی دوەم بە پرژەیاساکە دەکرت بئەوەی ئەو کشانە بەشوەی یەکجاری کتایی پە بت.